كۆماری عێراق
سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان
دیوان

جمهورية العراق
رئاسة إقليم كوردستان
الديوان

ژمارە: د - ٦٦٥
بەروار: ٦ / ٦ / ٢٠٢١

**بۆ / پەرلەمانی كوردستان . عێراق**

**بابەت / پرۆژە یاسا**

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا پرۆژە یاسای ( نیشان و میدالیا لە هەرێمی كوردستان . عێراق ) بۆتان ڕەوانە دەكەین، كە پاڵپشت بە بڕگەی ( یەكەم / ١ ) لە ماددەی ( دەیەم )ی یاسای سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو ئامادەكراوە، بفەرموون بۆ ئەنجامدانی كاری پێویست بە پێی بڕگەی ( یەكەم ) لە ماددەی ( ٥٦ )ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو.

**لەگەڵ ڕێزماندا...**

**فوزی فرنسو حریری**
**ســەرۆكی دیـــوان**

**وێنەیەك بۆ:**

- نووسینگەی ڕێزدار جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان.
- نووسینگەی سەرۆكی دیوان.
- فەرمانگەی كاروباری یاسایی.
- فەرمانگەی كارگێڕی گشتی.

ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان – عێراق پێداچوونەوە بۆی ئەنجامدراوە

پاڵپشت بە حوکمی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو، لەسەر پێشنیازی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە حوکمی برگەی (١) لە بەندی (یەکەم) لە ماددەی (١٠)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو ، پەرلەمانی کوردستان _ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە ( ) لە ڕێکەوتی ( / / ) بریاری دانانی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای نیشان و میدالیا لە هەرێمی کوردستان- عێراق

## ژمارە ( ) ساڵی ٢٠٢١

### بەشی یەکەم

### پێناسەکان

**ماددەی(١):**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەو واتایانەیە کە لە بەرامبەریان هاتووە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق

دووەم: سەرۆکی هەرێم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

سێیەم: ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

چوارەم: وەزیر: وەزیر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

پێنجەم: سەرۆکی دەستە: سەرۆکی دەستەی نەبەستراو بە وەزارەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق

### بەشی دووەم

### (نیشان و میدالیا)

**ماددەی(٢):**

ئەم یاسایە نیشان و میدالیا لەهەرێم ڕێکدەخات بەپێی ریزبەندی ، کە بریتین لە:

یەکەم: نیشانی نیشتمان.

دووەم: نیشانی ئاشتی و پێکەوەژیان.

سێیەم: نیشانی پێشمەرگە.

چوارەم: میدالیای بەرخودان و قارەمانێتی.

**ماددەی (٣):**

یەکەم: نیشانی **نیشتمان**، بەو کەسانە دەبەخشرێت کە لەبواری مەدەنیدا خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن یان داهێنانێکی مەزن لەبواری کارەکەیاندا، کە لە خزمەت مرۆڤایەتیدا بێت، دەکەن.

دووەم: نیشانی **ئاشتی و پێکەوەژیان**، بەو کەسانە دەبەخشرێت کە خزمەتێکی ناوازە لەبواری گەشەپێدانی ئاشتی و مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان پێشکەش بە هەرێم دەکەن.

سێیەم: نیشانی **پێشمەرگە**، بە کەسانی بیانی دەبەخشرێت کە لەبواری مەدەنی و سەربازیی خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن.

چوارەم: میدالیای **بەرخودان و قارەمانێتی**، بەو کەسانە یان بە میراتگرەکانیان دەبەخشرێت کە لەبوارەکانی سەربازیی و ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ یان کە لە میانەی پاراستن و بەرگری لە ئازادی هەرێم خزمەتێکی گەورەی کەم هاوتا پێشکەش دەکەن، کە شایستەی ڕێزلێنان و بەرز ڕاگرتنە.

پێنجەم: شێوە، نەخش و نیگار، هێماکان و ئەو مادەی کە نیشان و میدالیا لێ دروست دەکرێت بە پەیڕەوێک لە لایەن سەرۆکی هەریم دیار دەکرێت.

بەشی سێیەم

(بەخشینی نیشان و میدالیا)

**ماددەی (٤):**

یەکەم: ئەو نیشان و میدالیایانەی کە لە ماددەی (٢)دا هاتوون بە هاوڵاتی و بیانی دەبەخشرێن، و کەسایەتی سروشتی و واتایی (مەعنەوی)ش دەگرنەوە، بە پێی گونجاوییان لەگەڵ بوار و جۆری نیشان و میدالیا

دووەم: نیشان و میدالیا بە مەرسوم لە لایەن سەرۆکی هەرێم لە بۆنەیەکی تایبەتدا دەبەخشرێن.

سێیەم:

١) کەسانی شایستە بۆ وەرگرتنی نیشان و میدالیا بەرەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر ڕاسپاردەی وەزیری پەیوەندار یان سەرۆکی لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت، بۆ سەرۆکایەتی هەرێم پێشنیار دەکرێن.

٢) بەدەر لەخاڵی (١)ی ئەم بڕگەیە، سەرۆکایەتی هەرێم بۆی هەیە پێشنیار بۆ دیاریکردنی کەسانی شایستە بە بەخشینی نیشان و میدالیاکان وەربگرێت.

بەشی چوارەم

ئیمتیازاتی نیشان و میدالیا

**ماددەی (٥):**

یەکەم: هەڵگرانی نیشان و میدالیا بەپێی ئەم یاسایە، ئەم ئیمتیازاتانەیان پێدەبەخشرێت:

١) بانگهێشتکردنیان بۆ بۆنە و مەراسیمە نیشتمانییە فەرمیەکان.

٢) بەخشینێکی دارایی کە بڕەکەی لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە دیاریدەکرێت و لە بودجەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە خەرج دەکرێت.

٣) هەر بەخشین و ئیمتیازێکی تر کە لە پەیرەوی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەداهاتبێت.

دووەم: نیشان و میدالیاکان لە بۆنە و مەراسیمە فەرمیی و نیشتمانییەکاندا بەخۆوە دەکرێن.

سێیەم: لە کاتی مردنی هەڵگرانی نیشان و میدالیاکان، میراتگرەکانیان مافی پارێزگاریی کردنیان لە نیشان و میدالیاکە هەیە، بەڵام مافی بەخۆوە کردنیان نیە.

## بەشی پێنجەم
## کێشانەوەی نیشان و میدالیا

**ماددەی (٦):**

یەکەم: سەرۆکی هەرێم بە مەرسومێک نیشان یان میدالیای بەخشراو لە هەڵگرەکەی دەکێشێتەوە لە سەر راسپاردەی لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەو مەبەستە پێک دێت لە سێ ئەندام کە یەکێکیان مافپەروەر بێت لە کاتی هاتنەدی یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١) ئەگەر دەرکەوت کە پێشتر حوکمدراوە بەتاوانێکی ئابرووبەر یان دواتر پێی حوکمدرا.

٢) ئەگەر دەرکەوت کە پێشتر کارێکی دژ بە گەل، خاک یان بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم ئەنجام داوە یان دواتر ئەنجامیان بدات.

٣) ئەگەر دەرکەوت کە لەسەر بنەمایەکی ساختە یان نادروست نیشان یان میدالیاکەی بەدەست هێناوە.

٤) ئەگەر کارێکی ئەنجامدا کە لەگەڵ بنەمای وەرگرتنی نیشان یان میدالیاکەی پێی بەخشراوە ناکۆک و دژ هاتەوە.

دووەم: کێشانەوەی نیشان و میدالیا بەپێی برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە، دەبێتە هۆی راگرتنی ئیمتیازاتەکان، و لێسەندنەوەی ئەوانەشی کە پێی بەخشراوە بەرەچاوکردنی بنەمای مافە بەدەست هاتووەکان.

## بەشی شەشەم
## حوکمە گشیەیەکان

**ماددەی (٧):**

نیشان و میدالیای بەخشراو بەپێی ئەم یاسایە لەلایەن هەڵگرانیانەوە نابەخشرێن و نافرۆشرێن.

**ماددەی (٨):**

شێواز و نەخشەی بەکارهاتوو لە دروست کردنی نیشان و میدالیا هاتوو لەم یاسایەدا وەک هێما دەبێتە مولکی گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (٩) :**

نیشان ومیدالیای بەخشراو بەپێی ئەم یاسایە و بەخشینە داراییەکانی شیاوی ئەوە نین نیشانی گلدانەوەی بخرێتە سەر بە هەر بریارێک.

**ماددەی (١٠):**

هەر کەسێک هەڵسێت بە تەزویر یان لاسایی کردنەوەی هەر نیشان و میدالیایەک کە لەم یاسایەدا

هاتبێت یان دروست کردنی بەبێ مۆڵەتی لایەنی تایبەتمەند، ئەوا سزا دەدرێت بە بەندکردنی بۆ ماوەیەک کە لە (٥)ساڵ کەمتر نەبێت و لە (١٠) ساڵ زیاتر نەبێت لەگەڵ رەچاوکردنی هەر سزایەکی توندتر کە لە یاسایەکی دیکەدا هاتبێت.

**ماددەی (١١):**

سەرۆکی هەرێم پەیرەوێک بۆ **دیارکردنی** تەواوی کاروبارەکانی پەیوەندار بە ئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (١٢):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بە جێ بکەن .

**ماددەی (١٣):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بریارێکی ناکۆک لەگەل حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت .

**ماددەی (١٤):**

ئەم یاسایە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێ بە جێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دانان**

لەبەر پێویستبوونی هاندان و رێزلێنان و نیشان کردنی کەسانێک کە لە بوارێک لە بوارە جیاوازەکاندا توانیویانە خزمەتێکی ناوازە بە خاک و گەلی هەرێمی کوردستان پێشکەش بکەن یان بووبێتن بە نمونەی ئاشتی پارێزی و پێکەوەژیان بەبەخشین و تەرخانکردنی توانا و لێهاتووییان لەو پێناوەدا، ئەم یاسایە دانرا.